پارێزگاری هەولێر سەرپەرشتی بڕیاردانی کۆمەڵێک پڕۆژەی گرنگ بۆ سنووری قەزای کۆیە دەکات

دوا بەدوای بڕیاردانی یەکلاکەرەوە لەسەر تەرخانکردنی بەشی دیاریکراو لە بودجەی پەرەپێدانی قەزای کۆیە بۆ ساڵی 2008 لەسەر بودجەی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی کە بە گوژمەی 16 ملیار دینار خەمڵێنراوە. نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە ئامادەبوونی تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگار لە دیوانی پارێزگادا سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی یەکە کارگێڕییەکانی سنووری قەزای کۆیەی کرد، کە هەریەک لە کوردە عومەر قایمقامی قەزای کۆیە و ئاراز حەویز سەرۆکی شارەوانی کۆیەو بەڕێوەبەرانی ناحیەکانی تەقتەق و سێگردکان و سکتان و ئاشتی ئامادەی بوون. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری یەکلاکەرەوە دران بۆ تەرخانکردنی بڕی پێویست. لە خەرجی بۆ جێبەجێکردنی دەیان پڕۆژەی گرنگ لە بوارەکانی خزمەتگوزاری شارەوانی و ڕێگەوبان و ئاوو ئاوەڕۆو تەندروستی وکارەبا و تێکڕای سێکتەرەکانی تر کە ڕەوشێکی تازە لە کارو خزمەتگوزاری لەو سنوورە دێنێتە ئاراوە. پارێزگاری هەولێر جەختی کردەوە کە هەموو سێکتەرەکان بەشی خۆیان لەو پڕۆژانە بەردەکەوێت و ئەولەویات دراوە بە پڕۆژە هەرە پێویستەکان و ئەم پڕۆژانەش وەکو قۆناغی یەکەم دەبن بۆ ئەمساڵ و سەنتەری قەزاو ناحیەکان و بەشێکی خزمەتگوزاری گوندەکانیش دەگرێتەوە.

بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی ڕەوشی خزمەتگوزارییەکان و کارو پڕۆژەکانی پایتەخت، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بەیاوەری تاهیر عەبدوڵڵای جێگری پارێزگار و سدقی زراری سەرۆکی شارەوانی هەولێر و هەریەک لە بەڕێوەبەری شارەوانی شەش و چواری هەولێر و بەڕێوەبەری بەشی تەکنیکی شارەوانی، چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە گەڕەکەکانی بەهاری نوێ و زانکۆ و شارەوانی و کەرتی یەکی باداوە (فەرمانبەران) ی بەسەرکردەوە، لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی بەڕێوەچوونی کاروپرۆژە خزمەتگوزاریەکانیان بوو.

سەرەتا پرۆژەکانی قۆناغی سێیەمی گەڕەکی بەهاری نوێی بەسەر کردەوە کەبە گوژمەی دوو ملیار دینار لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا لەلایەن کۆمپانیای ئارک جێبەجێ دەکرێت و بریتییە لە دروست کردنی چەند شەقامێکی 20 مەتری و 15 مەتری و 10 مەتری بەدرێژی 10000 مەترو دروست کردنی ئاوەڕۆی لولەیی قەبارە جیاجیا بەدرێژی 2000مەترو درێژکردنەوەی ئاوەڕۆی سەرەکی ئەو گەڕەکەش بۆ 300مەتری تر تا سنووری ئەو گەڕەکە دەپەڕێتەوە.

دواتر شەقامی سەرەکی جووت سایدی نێوان هەردوو گەڕەکی زانکۆو شارەوانیان بەسەرکردەوە کەبەگوژمەی 650 ملیۆن دینار لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگاو بەدرێژی 750 مەتر جێبەجێ دەکرێت ولەقۆناغی دواتریش درێژ دەکرێتەوە ڕاستەوخۆ بۆ دارەتوو. پاشان پرۆژەکانی شەقامە نێوخۆییەکان وئاوەڕۆی هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەمی کەرتی یەکی فەرمانبەرانی گەڕەکی باداوەیان بەسەرکردەوە کەبەگوژمەی یەک ملیار و دووسەد ملیۆن دینار لەبەرنامەی پەرەپێدان جێبەجێ دەکرێت. پارێزگاری هەولێر لە دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ خەڵکی نیشتەجێی ئەو گەڕەکانە جەختی لەسەر بەردەوامبوونی بایەخدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە بە گەڕەکە تازەکان و میللیەکان بۆ برەوی پتر بە ڕەوشی خزمەتگوزاریەکانیان و بەشارستانی کردنی پتری سیما و ڕووخساری ئەو گەڕەکانەی کە زۆربەی خزمەتگوزارییەکانیان لەبەرنامەی ئەمساڵدا بۆ تەواو دەکرێن هەروەک ساڵانی ڕابردوو بایەخێکی زۆریان پێدرابوو لەڕووی کارو بەرنامەی خزمەتگوزارییەوە.

پرسەنامە

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بۆ / خانەوادەی خوالێخۆشبوو تاهیر حاجی مەجید و غەفور حاجی مەجید

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو باوکی بەڕێزتانمان پێ گەیشت. زۆر دڵ گران بووین و هاوبەشی غەم و پەژارەتانین. لە یەزدانی مەزن داواکارین سەبوری هەموولایەک بدات ئینشائەڵڵا ئەمە دواناخۆشی و غەمی خێزانە بەڕێزەکەتان دەبێت و ڕەحمەتی بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی

لە کەرکووک
یادی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم کرایەوە

کەرکوک-عیمران قانوونی: بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی یادی لەسێدارەدانی شەهید لەیلا قاسم سەر لە بەیانی دوێنێ بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەبەرپرسانی حزبی و حکومی شاری کەرکووک، ناوەندی قەزای کەرکووکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەڵسا بە سازدانی کۆڕێکی شیعری بۆ چەند شاعیرێکی لاوی شاری کەرکووک، کۆڕەکە بە خولێک وەستان بۆ خوێندنەوەی سورەتی ئەلفاتیحە لە سەر گیانی پاکی شەهید لەیلا قاسم و سەرجەم شەهیدانی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستی پێکرد، پاشان وتارێک لەلایەن بەرپرسی ناوەندی قەزای کەرکووکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان خوێندرایەوە تیایدا تیشکی خرایە سەر ڕۆڵی شەهیدی قارەمان لە بەرگریکردن لەسەر مافی نەتەوەی کورد. دواتر چەند پارچە شیعرێک لەسەر خەبات و تێکۆشانی شەهیدانی پارتی خوێنرایەوە، لە لایەکی دیکەوە ناوەندی زانکۆ و پەیمانگاکانی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەڵسا بە سازدانی کۆڕێکی زانستی بۆ ڕێبوار تۆفیق بەرپرسی مەکتەبی وەرزش و لاوانی لقی 3 ی پارتی. لە کۆڕەکەدا کۆڕگێڕ تیشکی خستەسەر سیستەمی خوێندن و چۆنێتی گەشەپێدانی بزافی خوێندن لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی شاری کەرکووک، هەروەها داوای لەکادیر و ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کرد هەمیشە لێهاتوو و چالاکبن لە خوێندنیان و گوتی: دەبێ کادیری قوتابیان بەردەوام پلەی یەکەم لە فێرگەکان بەدەستبهێنن، دواتر کۆڕگێڕ وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیانی دایەوە.

ل دهوکێ یادا سێدارەدانا
لەیلا قاسمێ هاتە ساخکرن

مزگین دوسکی/دهوک: ئێڤاری یا 10 گولانێ سەربەست لەزگین بەرپرسێ لقێ ئێک دگەل چەند بەرپرسێن حزبی و حکومی بەشداری د رێورەسمێن کورێ ماتەمینییێ شەهیدا نەمر لەیلا قاسم دا کر کول ئامادەییا لە یلاقاسم برێڤەچو ب هەلکەفتا دەربازبونا 34 سالان ل سەر سێدارەدانا ڤێ شەهیدێ ل 13 گولانا سالا 1974ێ. دڤی کورێ ماتەمینی دا چەندین پەیڤ هاتنە خواندن وەک پەیڤا کارگێرییا ئامادەیا لە یلاقاسم ژلایێ ماموستا خازوار ئەحمەد رێڤەبەرا قوتابخانێ و دیسان چاڤدێرێ کورێ ماتەمینی سەربەست لەزگین دپەیڤەکێ دا سوپاسیا کارگێرییا ئامادەیا لەیلا قاسم کر کو هەر سال ڤێ هەلکەفتێ ساخ دکەنەڤە کو وەفادارییە بو شەهیدا ناڤبری و ئاماژە ب وێ یەکێ کرکو دەمێ ئە بیرەوەریا ئەڤان ستێرێن گەشێن پارتی ساخ دکەینەڤە رێزگرتنە بو هەمی شەهید و خەباتکەرێن کورد و هیڤی خواست کو قوتابیێن ڤێ ئامادەییێ ژێ د دلسوز بن دکارێ خودا ب مەرەما گەهشتن ب ئارمانجێن رەوایێن گەلێ کورد. پاشان چەندین پەیڤ و هوزان و سرود هاتن خواندن و پارچە شانوگەریەک بناڤێ لەیلاو ئالا هاتە پێشکێش کرن و کو سەرنجا بەرهەڤبویان راکێشا و پاشان خەلات ل سەر بەشداربویێن ڤێ شانوگەرێ و یێن بەشداربوی دکورێ دا کری هاتنە بەلاڤ کرن.

جێبەجێکردنی پڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان گەیشتە دەڤەری پشدەر

بۆ کارکردنی بەردەوامی وەزارەت بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان لە درێژەی کاروچالاکییەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دژی مێینە کە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری کونسوڵیەی بەریتانی ئەنجامی دەدات. ژمارەیەک لە چالاککاری ئەم پڕۆژەیە بەسەرپەرشتی خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ و بەڕێوەبەری پڕۆژەکە سەردانی دەڤەری پشدەر-یان کرد ولەحەوزی شەروێت لەگەڵ ژنان و پیاوانی گوندەکانی دەرگەڵە و زودان و شەروێت وسێدەڵان کۆبوونەوە، لەم دیدارەدا کە ئازاد وسو حەسەن بەڕێوەبەری ناحیەی ژاراوە و ژمارەیەک لە پیاوانی ئایینی و بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو دەڤەرە و خەڵکانی روناکبیر و لایەنە حزبی و حکومییەکان ئامادەبوون، لەدەستپێکی کۆبوونەوەکەدا بەڕێوەبەری پڕۆژەکە ئاماژەی بەم دیاردە ترسناکە کرد وبەدیاردەیەکی دوور لە ویژدان و شارستانیەت و هەموو بەهایەکی مرۆیی و ئایینی وەسفکرد، هەروەها ئاماژەشی بەرۆڵی دەستبوبرد و کارەکانی وەزارەت دا کە زۆر بەجیدیانە کاری بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە کردووە و کاریش تیایدا بەردەوامە ئەویش بە کۆمەڵێ بەرنامە و لەسەرووی هەمووشیانەوە کاری هۆشیارکردنەوە و دارشتنی پرۆژەکان لەم بوارەدا و نموونەش ئەم پڕۆژەیەیە کە لەگەڵ کونسولیەی بەریتانی لە گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجامی دەدەین. پاشان مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا حەسەن محەمەد کە پیاوێکی ئایینی ئەو دەڤەرە بوو بەوردی و لە ڕوانگەی قورئان و پیرۆزی ئایینی ئیسلامەوە باسی لەم دیاردەیە کرد و ڕایگەیاند: نەک هەر خۆکوشتن یان خوسوتاندن بەڵکو ئەگەر لەسەر بێشکەش ئازاری کچۆڵەیەک بدەی لە ئایینی ئیسلام بە حەرامکردن ناوزەد دەکرێ و نابێ مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک پەنا بۆ خوکوشتن و درندەیی و توندتیژی بەرێ، چونکە ئەمانەی ئەم کارە دەکەن کێشەی زێتر بۆ خۆیان دروست دەکەن.

24 خانوو بۆ هەژار و کەم دەرامەتانی گوندی گورگەچاڵ دروست دەکرێ

کەرکووک-عیمران قانوونی: بە چاودێری لیژنەی ناوچەی 6ی کەرکووک لەگەڕەکی ڕەحیمئاوە و بە ڕێنمایی لقی 3ی پارتی، لیژنەی باڵای ئاوەدانکردنەوەی کەرکووک هەستاوە بەدروستکردنی 24 خانوو لە گوندی گورگەچاڵ بۆ هاوڵاتیانی هەژار و کەم دەرامەت و ئاوارە گەڕاوەکانی، گوندی گورگەچاڵ کە دەکەوێتە سەر شەقامی گشتی کەرکووک-هەولێر و دانیشتوانی گوندەکە کە لە بەر بەرزی هەڵوێستیان ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ لەساڵی 1963 گوندەکەیانی رووخاندو تەختی کرد لەگەڵ زەوی و دانیشتوانەکەیان ئاوارەی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و ڕەمادی کرد، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە قەرەبوویەک بکرێنەوە. ئاوەدانکردنەوەی گوندەکە کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدراوە بۆتە مایەی دڵخۆشی و ڕەزامەندی دانیشتوانی گوندەکە، شایانی ئاماژەپێدانە هەر ماڵە و سوودبەخش دەبێت بەپێدانی بڕی 15 ملیۆن دینار بە چوار قۆناغ بۆ دروستکردنی خانووەکانیان وەکو هاوکاری.

تاقیکردنەوەی تۆفڵ لەزمانی ئینگلیزی بۆ یەکەمجار لەمێژووی زانکۆکانی کوردستان بەڕێوەچوو

خەبات-بەختیار مەلا ئەحمەد-ن.سلێمانی: بۆیەکەم جار لەمێژووی زانکۆکانی کوردستان تاقیکردنەوەی تۆفڵ لەزمانی ئینگلیزی لەسەنتەری F305 ی زانکۆی سلێمانی ئەنجامدرا، لەو بارەیەوە مامۆستا عەباس مستەفا سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی ، کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی بەڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند، ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ یەکەم جارە لەزانکۆی سلێمانی ئەنجامدەدرێت، کە تاقیکردنەوەی تۆفڵی ئۆفیشاڵە لە زمانی ئینگلیزیدا و بۆ هەموو زانکۆکانی کوردستان و ئێراق و جیهانیش دەگونجێت. سەبارەت بەگرنگی و سوودەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی ئاماژەی بەوەدا: پێشتر بۆ ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە دەبوایە فێرخواز بچوایەتە شارەکانی عەممان یاخود تاران و بڕێکی زۆری پارەی تێچوی تاقیکردنەوەکەی دەبوو، بەڵام ئێستا تەنها لەبەرامبەر 140 دۆلاردا تاقیکردنەوەی ئەنجامدەدات، هەڵبژاردنی زانکۆی سلێمانی بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە پەیدەچێت بەهۆی بەرزیی ئاستی زانکۆکەوە بێت سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی ئەوەشی روونکردەوە، تاقیکردنەوەکە دەنگ و ڕەنگە وەک قۆناغی یەکەم 13 قوتابی کە داواکاریان پێشکەشکردووە بەشداریان تێدا کردووە و ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکانیش لە دەزگای خزمەتگوزاری تاقیکردنەوەی پەروەردەی E.T.S ئەمریکییەوە ڕادەگەیەنرێت. تاقیکردنەوەی تۆفڵ لەزمانی ئینگلیزی سیستەمێکی جیهانیە و ساڵانە سەدان هەزار قوتابی لەسەرانسەری جیهانەوە بەشداری تێدا دەکەن و ئەمە یەکەمین تاقیکردنەوەی تۆفڵە لەزانکۆی سلێمانی و لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت.

وەزیری پلان دانان: پێویستیمان بە کۆمەکی کۆریایە بۆ دارشتنی پلانێکی پێنج ساڵە

دوێنێ عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان لەدیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە هی جەن هو باڵیۆزی کۆریای باشور لە بەغدا و شاندێکی هاوڕێی. لەدیدارێکدا باس لەو سەردانەکرا کەلەماوەی رابردوودا شاندی هەرێمی کوردستان بۆ کۆریای باشوور بەسەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەنجامیان دا و ئەو بەڵێننامانەی کەلەبوارە جیاکاندا لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی کۆریا و کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە ئیمزایان کردە و چۆنیەتی بەدواداچوونی ئەو بەڵێن وبیرە خەرەوانەی هەڵوەستەیان لەبارەیەوە کرا. وەزیری پلاندانان هیوای سەردان و مانەوەیەکی پڕ بەرهەمی بۆ باڵیۆزی کۆریا لە کوردستان خواست و ئاماژەی بە ئەزموونی کۆریا و ئەو پێشکەوتنەکرد کە ئەو وڵاتە بەخۆیەوەی بینیوە، پێی ڕاگەیاندن کە ئەزموونی کۆریا نزیکە لە ئەزموونی کوردستان بۆیە هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە هەیە کە کۆریا یارمەتی بدات بۆ دارشتنی پلانی ستراتیژی و پلانی پێنج ساڵە بەتایبەتی لەلایەن پەیمانگای KDI کۆری کە لەو بوارەدا پسپۆر و شارەزای لێهاتووی هەیە، هەموو پشتگیری و کار ئاسانییەکی وەزارەتی پلاندانانی بۆ هاتنی شارەزایانی کۆریا بۆ هەرێمی کوردستان نیشاندا.

کۆمپانیای MICی ئەمەریکی پڕۆژەیەکی فراوانی پلاستیک لە کوردستان جێبەجێ دەکات

لە دیدارێکی نێوان عەبدولعەزیز تەیب وەزیری کشتوکاڵ و شاندێکی کۆمپانیای کارگێڕی ئەمەریکی لەبواری پڕۆژەی ستراتیژی MIC بە سەرۆکایەتی(بی.بی. ئەندرسۆن) بەرپرسی کۆمپانیاکە، ئاماژە بە پڕۆژەیەکی فراوانیی دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی خانووی پلاستیکی و کۆگای ساردبەند و بەستوو بۆ هەڵگرتن و پاراستنی بەرووبوومی بەرهەمهێنراوی جووتیاران کرا. کە ئەم کۆمپانیا بە نیازە دوای ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات، شاندەکە باسی لە پڕۆژەکە کرد کە ڕووبەری 400-500 هێکتار زەویی کشتوکاڵی پێویستە و بەر لە هاتنی شاندەکەش لە ئەمەریکا ئەم بیرۆکەیە گفتوگۆی لەسەر کراوە و ماوەی ئەنجامدانی 6-9 مانگە ونزیکەی 60 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت. وەزیری کشتوکاڵ لە لای خۆیەوە بە گەرمییەوە پێشوازی لە بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیە کردو جەختی کردەوە لەسەر بەشداری کردنی جووتیاران لەم ئەرکەدا تاکو سوود بەوانیش بگات و بەرهەمەکەش برەوی هەبێت، ئامادەیی وەزارتیشی بۆ دابین کردنی ئەو پارچە زەوییانە خستەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاروایە لەم یەک دوو ڕۆژەدا شاندەکە چەندین دەڤەری جیاجیا بەسەر بکاتەوە بۆ ئاشنابوون بەو زەوییانەی بۆ پڕۆژەکان تەرخان دەکرێت، هاوکات دوای تەواوبوونی ڕەزامەندی هەردوولا لەسەر پڕۆژەکە واری جێبەجێ کردنی ناوێکی کوردستانی بۆ دادەنرێت و بە بەردەوام بەدواداچوونی بۆ ئەنجام دەدەرێت.

وەزیری خوێندنی باڵا پێشنیار دەکات کۆنسوڵخانەی بەریتانیا لە هەولێر چەند سمینارێک دەربارەی کولتوور و ڕۆشنبیریی ساز بکەن

دوێنێ د. ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێشوازی لە کارن گیبن کونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر کرد. لە دیدارێکدا کردنەوەی خولی ڕاهێنان بە زمانی ئینگلیزی بۆ مامۆستایان و پسپۆڕانی زانکۆ و هێنانی مامۆستایانی مەشقکار لە وڵاتی بەریتانیا و ناردنی قوتابیانی هەرێمی کوردستان بۆ زانکۆکانی بەریتانیا و هەوڵدان بۆکەمکردنی تێچونی خوێندنیان لەو وڵاتەدا باسی لێوەکرا، لەمبارەیەوە وەزیری خوێندنی باڵا پێشنیازی کرد کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەولێر چەند سیمینارێک سەبارەت بە کلتور و ڕۆشنبیری و لایەنەکانی ژیانی بەریتانیا ساز بکات. دوێنێ وەزیری خوێندنی باڵا پێشوازی لە شاندێکی کەنەدی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی ومافی مرۆڤ کرد، کە پێکهاتبوو لە د. سارێن ئازەر سەرۆکی ڕێکخراو و لیین فۆستەر و شێیلا بلۆک، ئامانجی سەردانەکەی شاندی ناوبراو کارکردنە بۆ یارمەتی دانی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی نەخۆشەوانی و پەرستاری لەلایەن خۆشیەوە، وەزیری خوێندنی باڵا خۆشحاڵی و پاڵپشتی خۆی بۆ هەر پڕۆژەیەکی ڕێکخراوی ناوبراو دەربڕی کە ببێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی خوێندنی باڵا لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا.

لقی12 پشتیوانی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دووپات دەکاتەوە

خەبات- هەڵەبجەی شەهید- یوسف هەورامی: دوێنێ شاندێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەردانی بارەگای لقی 12ی پارتی کردو لەلایەن فازیل بەشارەتی جێگری بەرپرسی لق و ژمارەیەک لەکارگێڕانی لق پێشوازیان لێکرا لەدانیشتنێکدا جێگری بەرپرسی لق تیشکی خستە سەر کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان و هیوای خواست کە بتوانن ڕۆڵی چالاک ببینن لەکاراکردنی لاوان لەبوارە جیاجیاکاندا. هاوکات جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەپارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە هاوکار وپشتیوانە بۆ هەرکارو پرۆژەیەک کە لەبەرژەوەندی دانیشتوانی هەڵەبجە و هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان جێبەجێ دەکرێت. هەر دوێنێ لە ساڵیادی شەهید خاتوو لەیلا قاسم ئەنجوومەنی سەید سادقی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دیاری بەسەر قوتابیانی سنووری سەید سادق دابەشکرد و دواتر لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا ئاماژەیان بەڕۆڵی ئافرەتان دا لەسەرجەم شۆڕشەکانی گەلی کوردو پێگەو قوربانی دانیان بەتایبەت شەهید لەیلا قاسم پاشان جەخت لەسەر ئەوەکرایەوە پێویستە ئافرەتان ئێستا ڕوانینێکی سەردەمیانەیان هەبێت و لە بوارە جیاجیاکاندا ئەرکی خۆیان ببینن.

ئاگاداری

بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە خاوەن ئەزموون وخوێندنەوەی شرۆڤەکاری زانستی و هونەرین لە یەکێک لەو بوارانەدا کە پەیوەستە بە هونەرەکانی دەنگبێژی وەک: مەقام، لاوک، حەیران...هتد. ئاگادارتان دەکەینەوە کە بنکەی مەقام لەمرۆ بەدواوە پێشوازیتان لێدەکات بۆ سازدانی کۆڕی تایبەت و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکانتان بۆ ئەو مەبەستە ئێوەی بەڕێز دەتوانن لە ڕێگەی ئەو ئەدرێسەی خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن.

لەگەڵ ڕێزماندا

هەولێر- شەقامی شەست مەتری- نهۆمی دووەمی باڵەخانەی ڕادیۆی نەورۆز- بەرامبەر هۆڵی پێشەوا

ژمارەی مۆبایل:07507451488-07504548117

ئیمەیل: maqam_kurd@yahoo.com

shexany_museic2006@yahoo.com

لەئەردەن بەرپرسی لقی 3 لە تەندروستی عەمید سەرحەد قادر دەپرسێتەوە

بەرپرسی لقی 3 لەووڵاتی ئەردەن بەیاوەری شاندێک لەئەندامانی ئەو کۆنفرانسە سەردانی عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکووکیان کرد، بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی تەندروستی.

لەسەردانەکەدا بەرپرسی لق هیوای سەلامەتی وچاکبوونەوەی باری تەندروستی بۆ ناوبراو خواست و ئامادەیی خۆی و لقی 3 ی بۆهەر جۆرە هاریکاریەک دەربڕی، شایانی ئاماژە پێدانە عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ بۆ نەخۆشخانەی عەممانی ئەردەن بەمەبەستی چارەسەرکردن گواستراوەتەوە وئێستاش باری تەندروستی تاڕادەیەکی باش جێگیرە.

هاووڵاتی بەڕێز...
ئەو ساردەمەنیانەی بەدەست دروستکراون پاک نییەو مەیخۆرەوە
ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی

2 شوان لەسەرمان گیانیان لەدەست دا

سەروچاوەیی: لەئەنجامی ئەو شەپۆلە بەفروبارانەی هەڵی کردووە دوو شوانی جەلەب داری کە مەڕ لەودیوی هەرێمی کوردستانەوە دەبەن بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕەق بوونەتەوە و تائێستا بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست خەبات کەتووە بەدوای تەرمەکاندا دەگەڕێن.

2 کچی 18ساڵە خۆیان دەکوژن

سەید محەمەد: لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا دووکچی تەمەن 18 ساڵ لەدووحاڵەتی جیاجیادا خۆیان دەکوژن، یەکێکیان لەڕانیە بەناوی ک.ن لەکاتی شیرینی خواردنەوەی بەگوللەی کلاشینکۆف خۆی دەکوژێت، دووەمیان بەناوی س.ع ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات لەماوەی 7 ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کەخۆیان کوشتووە لەناوچەکانی پشدەرو خۆشناوەتی دەگاتە 10 کەس.

ئێران ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی بۆردوومان کرد

سەید محەمەد سەروچاوەیی: هێزەکانی ئێرانی لەدوێنێ ئێوارەوە بۆردوومانی ناوچەس نوورییەکانی دەست پێکردووە، بەتایبەتی ناوچەکانی سنووری سەردەشت و پیرانشار و ڕەوەندەکانیان ناچار کردوون بەرزاییەکان جێ بهێڵن.

تۆڕی شەمس خولێک بۆ ئامادەیی هەڵبژاردن بەڕێوەدەبات

خەبات- عزەدین زەکی زادە: بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کە مانگی 10 لەهەولێر تۆڕی شەمس خولێکی سەربەخۆی ڕاهێنانی بۆ 25 کوڕ و کچ کردەوە. ئەمەو وانەکان لەلایەن دوو مامۆستای پسپۆڕ کە توێژەری کۆمەڵایەتین گوتراونەتەوەو بەشداربوانیش لەداهاتودا وەکو چاودێر لەسەر سندوقەکانی دەنگدان کاردەکەن، جگە لەوەش دەبنە ئەندام لە تۆڕی شەمس.

بۆ یەکەمجار خولێکی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پیشەنگانی کار لە کوردستان دەکرێتەوە

دەستەی وەبەرهێنان و ژووری بازرگانی پیشەسازی هەولێر دوێنێ لە ژووری بازرگانی پیشەسازی هەولێر بۆ یەکەم جار لە ئێراق و کوردستان یەکەم خولی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پیشەنگانی کار لە کوردستان ئەنجام دەدات بۆ ماوەی یەک مانگ.

تۆ کە ئێستا لە سایەی ئازادیی کوردستاندا کار دەکەی هەقە خوێنی شەهیدان و ڕەنجی ڕەنجکێشانت لە بیر بێت